ئەی خەڵکینە، هیوای ڕووبەڕووبونەوەی دوژمن مەخوازن، وداوای سەلامەت بوون بکەن لە خوای گەورە

لە عبدالله کوڕی ئەبی ئەوفاوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- لە هەندێک لەو ڕۆژانەی کە ڕووبەڕووی دوژمن دەبوویەوە؛ چاوەڕێی دەکرد، ئەگەر خۆر بەرەو ئاراستەی خۆرئاوا بڕۆیشتایە، پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- لە نێو هاوەڵاندا هەڵدەستا ودەیفەرموو:«ئەی خەڵکینە، هیوای ڕووبەڕووبونەوەی دوژمن مەخوازن، وداوای سەلامەت بوون (عافیەت وپاراستن) بکەن لە خوای گەورە، ئەگەر بە دوژمنەکان گەیشتن؛ ئەوا ئارام بگرن، وبزانن کە بەهەشت لە ژێر سێبەری شمشێرەکاندایە»، پاشان پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: «(اللهمَّ مُنزِلَ الْكتاب، وَمُجْرِيَ السَّحاب، وَهازم الأَحْزاب: اهْزِمهم، وَانصُرنا علَيهم)*». *(واتە: خودایە، ئەی ئەو زاتەی کە کتێبت -قورئانت- دابەزاندووە، وهەورەکان دەجوڵێنیت -بە پێی ویستی خۆت-، وشکست دەهێنیت بە سوپاکان -سوپاکانی بێباوەڕان-: خودایە، شکست خواردوویان بکەیت، وئێمە سەربخە بەسەریاندا)

[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

هاوەڵی بەڕێز عبدالله کوڕی ئەبی ئەوفا -ڕەزای خوای لێبێت- باسی ئەوە دەکات کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- هەندێک جار لە کاتی ڕووبەڕووبونەوەی دوژمن دەستی بە جەنگ نەدەکرد هەتاوەکو خۆر بەرەو ئاراستەی ڕۆژئاوا بڕۆیشتایە (لە نیوەی ئاسمان لایبدایە)، وکاتێک خۆر بەرەو ئاراستەی ڕۆژئاوا دەڕۆیشت -واتە لە پاش نوێژ- هەڵدەستا و وتاری دەدا ونەهی لێکردن لە هیوا خواستن بە ڕووبەڕووبونەوەی دوژمن چونکە سەرسامبوونی تێدایە بە نەفس، وداوای لێکردن کە هیوای سەلامەت بوون (عافیەت) لە خوای گەورە بکەن، پاشان فەرمووی: ئەگەر گەیشتن بە دوژمنان ئەوا ئارام بگرن وجێگیر بن، واتا لە کاتی ڕووبەڕووبونەوە وجەنگدا ئارام بگرن لەسەر تاقیکردنەوەکان وناخۆشییەکان و واز لە ترس وبێ هیوا بوون بهێنن، وبزانن کە یەکێک لەم دوو خێرەتان دەستدەکەوێت: یان ئەوەتا خودا سەرتان دەخات و سەردەکەون بەسەر دوژمنەکەتان وخودا سەرکەوتن بە سەر دوژمنەکان لە دونیا وپاداشتی دواڕۆژتان پێدەبەخشێت، یان ئەوەتا ئەوان سەردەکەون بەسەر ئێوەدا پاش ئەوەی هەوڵ وجیهادی خۆتان ئەنجامدا وپاداشتی دواڕۆژتان بۆ هەیە، وکاتێک دەفەرموێت: وبزانن کە بەهەشت لە ژێر سێبەری شمشێرەکاندایە، واتا جیهاد کردن هۆکارە بۆ چوونە بەهەشت، وپاشان پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- نزای کرد وداوای لە پەروەردگاری کرد بەو کتێبەی دابەزاندووە وبە هێز ودەسەڵات وتوانای کە مسوڵمانان سەربخات بەسەر دوژمنەکانیاندا.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/2953

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee